دادگای شەشی تاران حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر ژنانەنووسی کورد پەخشان عەزیزی سەپاند



لقی 26ـی دادگای شەشی تاران حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر بەرگریکاری مافەکانی ژنان و ژنانەنووسی کورد پەخشان عەزیزی سەپاند، کە ماوەی یەک ساڵە لە ئێران دەستگیرکراوە.

پەخشان عەزیزی بە تاوانی ئاوەژوو گوایە "لە دژی حکومەتی ئیسلامی لە سەرهەڵدانەکاندا چەکی بەکار هێناوە و پێشێنگایەتی چالاکییەکانی کردووە" و "یاخیبوون"، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە.

پەخشان عەزیزی لە 4ـی ئابی 2023 لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێرانەوە لە شارچکەی هەرازی تاران دەستگیرکراوە و جێی ئاماژەیە، پەخشان عەزیزی پێشتر لە 16ـی کانوونی دووەمی 2009 بە تەمەتی بەشداری لە ناڕازایەتییەکانی دژی لەسێدارەدان لە تاران دەستبەسەر کرابوو و پاش ئازادبوونی دەستی بە لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات.